# "حکومەتی یەکگرتووی" یەکێتیو پارتی، دژبە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانە!

ئەمڕۆ کابینەی پێنجەمی ئیدارەی کوردستان لەلایەن نێچیرڤان بەرزانیەیەوە لەهۆڵی (1ی شوبات) لە کۆبونەوەیەکی پەرلەمانی کوردستاندا ڕاگەیەنرا. ئەم یەکگرتنەوەی نێوان پارتیو یەکێتی هیچ پەیوەندی نیە بە خواستو ویستی خەڵکی کوردستانەوە، ئەمە بەڕۆشنی لە بەرنامەی سەرۆکی کابینەکەدا دیارە. پەیوەندی نیەیە بە ئیدارەو دەسەلاتێکەوە کە دەخوازێت لایەنی کەمی کاروبارەکانی خۆی لەخزمەت خەلکی کوردستاندا دابنێت، لە جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکانەوە لە دابینکردنی کارەباو ئاوو شەقامی قیرو کردنەوەی قوتابخانەو خەستەخانەوە... بگرە تاکو دەگاتە زیاکردنی موچەو دابینکردنی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی خەڵکی کوردستان. یەکگرتنەوەی ئەم دوولایەنە، یەکگرتنەوەیە لەچوارچیوەی سیاسەتی ئیستای ئەمەریکا" شەر لە دژی ئیرهاب"، "پێداگرتنەوەو سوێندخواردنەوە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق" و هەلومەرجێکی سیاسی کە ئێستا عیراقی پێدا تێپەر دەبێت. بەکورتی یەکگرتنەوەی یەکێتیو پارتیە وەك هەنگاوێك لە چوارچێوەی یەکلاکردنەوەی پێکهێنانی دەوڵەت لە عێراقدا. دیارە لەپیناو بەشە دەسەلاتو کورسیەکانی خۆیانداو پچرینی پارووی گەورەتر لە دەسەلاتوسەروەتو سامان.
بەلاّم سەیرو سەمەرەو عەنتیکەکانی ئەم کابینەیەی نێچیر بارزانی لەوەدایە، کە بۆ هەر چوار وەزراتە گرینگەکە سەرو دوو دانە وەزیریان بۆ دانراوە بە دوو ناوی جیاوازەوە. ئەگەر وەزیری ناوخۆ بۆنمونە یەکێتیە ئەوا لەولاوە وەزیرێکی تری پارتی بەنێوی "وەزیری هەریم بۆ کاروباری ناوخۆ" دانراوە، وە وەزارەتەکانی پێشمەرگایەتیو داراییو دادیش بە هەمان شێوە، کەواتە 8 وەزیر بۆ چوار وەزارەت. ئەوە بەجیا لەوەی 9 دانە وەزیری هەریم هەیە، کە هیچ بەنی بەشەریك نازانیت کارەکەیان چیەو وەزارەتەکەیان بیناکەی لەکوێیە!. بەلام لەوانەش عەجایبتر ئەوەیە ئەم کابینەیە لە 42 وەزیر پێك دێت بەسەرۆك وەزیرانو جیگرەکەیەوە، بەراستی ئەمە یەکەم جارە لەدنیادا کە سەرۆك وەزیرانیك 41 وەزیرو جیگریکی هەبێت. ئەبیت لەمەودا بلیرو بۆشی هاوپەیمانیان ! چاو لەم کابینەسازیەی پارتیو یەکێتی بکەن بۆ پیکهێنانی کابینەکانیان.

## جەماوەریو ناڕازیو ئازادیخوازی کوردستان!

هەر ئەو شێوازەو شێوەیە لە پێکهاتنی کابینەی وزاریو کاتی ڕاگەیاندنەکەی کە پاش مسۆگەر بونی پێکهاتنی حکومەتە لە بەغدا، بەسە بۆ ئەوەی ئەوە ڕۆشن بێتەوە کە ئەم هەنگاوە سیاسیەی یەکێتیو پارتی پەیوەندی نیە بە هیچ داواو خواستێکی خەلکی کوردستانەوە. ئەمە هەمان پێکهاتەیە کە لە سالانی 1992 تاکو شەری ناوخۆ کاریان پێدەکریت، هەمان فیفتی فیفتی ئەوکاتەیە کە بوو بووە جێگای گاڵتە پێکردنو نوکتەبازی خەڵکی کوردستان. بەلاّم لەهەمانکاتدا نیشاندەری ئەوەیە کە هەردوو هێزی ناسیونالیستی کورد، ئەمجارە بەشێوەیەکی یەکگرتوو تر دەیانەوێت ڕوبەڕووی خواستو خۆپیشاندانو ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان ببنەوەو ئەرکێکی سەرەکیان سەرکوتی ناڕەزایەتی خەڵك دەبێت. دەیانەوێت بە شێوەیەکی یەکگرتوو تر بوەستنەوە بەرانبەر بە  خواستو بزوتنەوەی خەلکی کوردستان لە پیناو جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆدا. لە چوارچیوەی سیاسەتی ئێستای ئەمەریکادا عەزمیان گرتوە کە  زیاتر ڕۆلەکانی خەڵکی کوردستان دەرگیر بکەن لەگەڵ شەری تیرۆریزمو بیانخانە نێو کورەی ئەم جەنگە کۆنەپەرستانەوە لە ژێر ناوی "دیموکراسی"و "جەنگی دژی تیرۆر"دا.
خەڵکی کوردستان پێویستی بەوە هەیە کە لە ژیانێکی ئینسانیدا بژیتو دور بێت لە شەڕی تیرۆرو تیرۆریستەکان، دور بێت لە شەرو پێکدادانی تائیفی کە ئێستا بەربینی کۆمەڵگای عێراقی گرتوە، وە دوربێت لەشەڕی نەتەوەیی کە خەریکن لە ژێر سایەی دەستورو ماددەی 58 دا بۆ خەڵکی کوردستانو بەتایبەت بۆ خەڵکی کەرکوکی ساز دەکەن. بە فەوری پێویستی بەوە هەیە کە ئازادییە سیاسیەکان، لە ئازادی خۆپیشاندانو مانگرتنو ئازادی ڕادەربڕین... بۆخۆی دەستەبەر بکاتو  پێویستی بەوەهەیە کە کارەباو ئاوو تۆڕی شەقامی قیرتاوی بۆ دابین بکرێت. خەڵکی کوردستان پێویستیان بە کردنەوەی سەدان قوتابخانەو خەستەخانەی جۆاوجۆرە بە شێوەیەکی دەست بەجیّ. خەڵکی کوردستان لە مامۆستایانو کرێکارانو فەرمانبەران دەست بەجیّ پێویستیان بەوەهەیە کە لایەنی کەمی موچەکانیان بەرزببێتەوە بۆ 375 هەزار دینار. وە خەڵکی کوردستانو بەتایبەت لاوانو خویندکارانی کوردستان پیویستیان بەوەهەیە کە دەیان هۆڵی وەرزشیو میوزیكو ئەنتەرنێتیو کتێبخانەو مەلەوانیەیان بۆ دروست بکرێت...
سەرەڕای ئەمانە خەڵکی کوردستان پێویستیان بەوەهەیە کە لە ریفراندۆمێکدا وەك مافیکی زۆر سەرەتایی خۆیان  دەنگ بدەن بە جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولەتیّ:ی سەرەبەخۆ یان مانەوە لە چوارچیوەی عیراقی ئێستادا... بەرنامەی کابینەی پێنجەم هیچ یەك لەو خواستو داوا سیاسیو ئابوریو خزمەتگوزاریانەی نەگرتۆتە خۆو بەلایاندا ناچێت.
بۆیە تەنها ڕیگا درێژەدانە بە خەباتو ناڕەزایەتیەکاتی خەڵکی کوردستان، بەشێوەیەکی ڕیکخراوترو یەکگرتووترو تائاستی پێکهێنانی ڕیکخراوە جەماوەریە سەراسەریو محەلیەکان. لە نارەزایەتیەکانی لاوانو خویندکاران، مامۆستایانو کرێکاران، پیشەوەرانو فەرمانبەرانەوە بگرە تا دەگاتە ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی خەلکی کوردستان  لەشارو قەزاو ناحیەکاندا. لەپێناو دابینکردنی ئەو خواستو هیوا سیاسیو ئینسانیانەی کە

ماوەی ساڵێك زیاترە بەشێوەیەكی بەردەوام‌و بێوچان لەم شارو لەوشارۆچكەی كوردستان لەدهۆكەوە تا هەڵەبجە لەپێناویداو لەسایەی كەش‌و هەوایەكی سەركوتكەرانەدا خەباتی بۆ دەكەن. حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق بێوچان لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی‌و خواستەكانی خەڵكی كوردستاندا خەباتی خۆی درێژە پێدەدات.

**ڕێكخراوی كوردستان**

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

2006/5/7